سەرۆکی حکیم چاوی بە فەزیلەتی ئیمامی شێخی ئازهەر دەکەوێت



لەکۆتایی سەردانەکەی بۆ میسر بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز دکتۆر ئەحمەد ئەلتەیب ئیمامی گەورەی مزگەوتی ئازهر کەوت، لەم دیدارە باس لە یەکگرتن و کامڵبوون لەنێوان موسوڵمانان کرا و جەخت کرایەوە لەسەر پتەوکردنی خاڵە هاوبەشەکان لەنێوان ئیسلامەوە و دەست گرتن پێی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تووندوتیژی و تووندڕەوی کە هەڕەشەیە بۆ سەقامگیری کۆمەڵگە.

سەرۆکایەتی لەم ڕووەوە ستایشی ئەو ڕۆڵە مێژوویەکی ئازهەری کرد لەپاڵپشتی کردنی بیرو هزری ئیسلامی هاوسەنگ، دووپاتیشی کردەوە کە گرنگە لەیەك نزیکبوونەوە هەبێت لە نێوان مەزهەبە ئیسلامییەکان تا یەکەیزی موسلمانان زیاد بکات، هەروەها جەختی کردەوە لەسەر چەسپاندنی بنەماکانی ئیسلام لە نێو نەوەکانی داهاتوودا تا بزانن ئیسلامی ڕاستەقینە و هاوسەنگ چۆنە تا لە هەموو ڕوگا و بیرەکەی خراپ دوور بکەونەوە.
سەرۆکایەتی لەگەڵ ئیمام ئەلتەیب باسی پێشهاتە یەك بەدوای یەکەکانی ناوچەکەی کرد و ئاماژەی کرد کە گرنگە بیرەکەی مامناوەندی بنیات بنرێت تا لە تووندوتیژی و تووندڕەوی دوور بکەوینەوە وئاشتی و سەقامگیری جیهانی ئیسلامی بگرێتەوە.

لەکۆتایی دیدارەکە، سەرۆکایەتی حکیم پاڵپشتی تەواوی عێراقی بۆ دەسەڵاتی فەلەستین دووپاتکردەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی خاکی فەلەستین دابەزرێنێت و پایتەختەکەی قودسی شەریف بێت.